# خوێندنەوەیەکی فۆرمالیستی و بۆتیقایی شیعرێک

**عەزیز نیعمەتی**
**(ورمێ)**

ڕەخنەی فۆرمالیزم (ڕەخنەی پێکهاتەی دەق) هەروەک لە ناوەکەیڕا دیارە مەبەستی سەرەکی ڕەوتی ڕوون کردنەوەی پێکهاتەی دەقی بەرهەمێکی ئەدەبییە. لەم شێوە ڕەخنەیەدا فەرز ئەوەیە کە بەرهەم پشت بە خۆی دەبەستێ، بۆیە تێبینی غەیری ئەدەبی وەک ژیان و سەردەمی نووسەر و چەمکی وەک کۆمەڵناسی، سیاسی و ئابووری و دەروونی کەم تا زۆر، لە هەر چەشنە گرنگییەک بەدوورن - کێشەی سەرەکی بۆ ڕەخنەگری شکڵ (فۆرم)، یان پێکهاتە، تەنیا دەبێ ئەو بابەتانە بێ:

١- بەرهەمی ئەدەبی چییە؟

٢- چ جۆرە فۆرم و پێکهاتەیەکی هەیە؟

٣- ئەو فۆرم و پێکهاتەیە، کاریگەرییەکەی چۆن بەدەست هاتووە؟

بەبڕوای ڕەخنەی فۆرمالیزم، دەشێ وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لە دەقدا بدۆزینەوە.

شێوەی تەکووز و لەبار و میتودێکی فۆرمالیزم لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، هەرچەند لە "ئەفلاتوون"ەوە هەتا "هێنری جێمز" خاوەن ڕابردوویەکی مێژوییە، بەڵام لە دەیەکانی ١٩٣٠ و لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیەی کە وەک ڕەخنەی نوێ ناسراوە، بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش خۆی نواند. بەرهەمهێنەرانی ڕەخنەی نوێ لە "جان کراو ڕەنسم"ەوە، تا مامۆستا و لێکۆڵەر و شاعیر و هێندێک خوێندکارانی زانکۆی بەرچاوی وەک ئالێن تێیت، ڕۆبەرت وارێن، کلینت برووکسی بە خۆوە سەرقاڵ کردبوو. ئەوانە سەرەتا لە ساڵانی دوای یەکەمین شەڕی جیهانی لە زانکۆی واندربیلت کۆبوونەوە و لە کۆمەڵەیەکی غەیری فەرمیدا خەریکی باسوخواس و تاووتوکردنی بابەتە ئەدەبییەکان بوون. پاش ماوەیەک ناوی "ڕاکردووان"- "fugitive"یان لە خۆ نا و گۆڤارێکی ئەدەبییان هەر بەو ناوە دەرکرد (١٩٢٢-١٩٢٥). کاتێک لەگەڵ هەڵبەست و وتارەکانی "تی.ئێس. ئیلیەت" ناسیاوییان پەیدا کرد، ئاگاداری ئەم مەسەلەیەش بوون کە ئەم هەڵبەست و وتارانە پشتگیر و پەسەندکەری بەهێزی بیرۆکەی ئەوانن - ئەو بیرۆکەیە کە سەرچاوەی هەڵبەستی ئەویندارانەی خۆیان بوو، واتە ئەو بیروڕا هاوبەشانەی کە بەم شێوەیە پەرەیان ستاند بریتی بوون لە:

١- ئەدەبیات وەک سوننەتێکی ڕێکخراو

٢- سەرنج و گرنگیدان بە فۆرم - (سەرەتیدان بە سستم)

٣- خوێندنەوەی ورد و شیکردنەوە و لێکدانەوەی



**یوونس ڕەزایی**

"هاوگری" دەرەکی، یان عەینی" بوو.

(کۆمەڵێ شت، هەل و دەرفەت، زنجیرە ڕووداوێک خاوەن قاڵبێکی تایبەتی، بە شێوەیەک دێنە ئاراوە کە ڕاستییە دەرەکییەکان لە ئەزموونی هەستدا دەفەوتێن، دووبارە خۆیان ڕادەنوێننەوە و دووبارە هەست و نەستەکە هەڵدەزرینگێ. ئەو باسانە هێورهێور ڕەخنەی نوێ کە خەریکی سەرهەڵدان بوو، پتەوتر کرد و لە دەیەکانی ۱۹۵۰ ئەو جۆرە ڕەخنەیە ئیتر وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی ڕەخنە، لە چاپەمەنییەکانی خاوەن پێگەی وەک سوانی ڕویو، کنویون ڕویو و هاوسن ڕویو و کۆلێژ و زانکۆیەکاندا جێگەی خۆی کردەوە.

## پێکهاتە (فۆرم)

لە سیستمە ڕابردووەکاندا، وشەی فۆرم بە شێوەیەکی ئاسایی نیشاندەری ئەو شتە بوو کە ئەمڕۆ وەک فۆرمی دەرەکی ناسراوە، بۆیە کاتێک شیعرێک لە بواری کێش و ڕەدیف، پاژ و سەروا و عەرووزەوە هەڵدەسەنگێنرا، باس لە فۆرم، یان قاڵبی دەرەکی دەکرا، بەڵام ڕەخنەی فۆرمالیزم تەنیا تا ئەو ڕادەیە گرنگی بەم جۆرە شتانە دەدا، کە ئەوان لەگەڵ فۆرمی بەرهەم بەگشتی پێوەندییان هەبێ، واتە کاتێک بەندێک، یان کێشێک وەک بەشێکی بنەڕەتی بۆ پێوەندی نێوان دۆخی دەنگدانەوە (پێژەن) و وێنە و پێکهاتەی ناوەکی بێ، دەکرێ لەبەرچاو بگیرێن. ڕەوتی لێکدانەوە و ئانالیزەی فۆرمالیزم تەنیا کاتێک تەواو دەبێ کە هەموو ئاستەکانی بەرهەم لە پێوەندی لەگەڵ بەرهەمەکەدا دەستنیشان بکرێن.

قسە لە مەڕ ڕوونکردنەوەی فۆرم، دوو بابەت دەگرێتەوە کە "ڕەنسم" ئەوان وەک: کری ناوچەیی (لۆکاڵ) و بنیادی لۆژیکی دەناسێنێ. مەبەست لە "بنیادی لۆژیکی" شێوەی کەڵک وەرگرتن لە واتا شاردراوەکانی بەرهەمە. کری ناوچەیی (لۆکاڵ) یانی وردەکاری و ئەو ئامرازە تایبەتییانەی کە لە بەرهەمدا بە کار براون، بۆ وێنە، ئیماژ، ئیستعارە، کنایە و مەجازەکان.

مارک شورێر لەسەر جیاوازی گرنگیدان بە فۆرم و گرنگی نەدان بە ناوەڕۆک پێداگرە و دەڵێ: ڕەخنەی مودێرن (فۆرمالیزم) ئەو بابەتە خۆیا دەکا کە قسەکردن لە ناوەڕۆک بە واتای ڕاستی خۆی، هەر باس کردن لە هونەر نییە، بەڵکو خستنەڕووی ئەزموونە، تەنیا ئەو ناوەڕۆکەی لە ڕێگای فۆرمەوە بەدەست دێ، ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی بەرهەمی هونەرییە. فۆرمالیستەکان هەوڵ دەدەن شتێک بێجگە لە خودی دەق بەکار نەبەن. (١)

یەکێک لەو گرنگترین خاڵانەی فۆرمالیستەکان لە مەڕ پێکهاتەوە باسی لێ دەکەن "نامۆکردن" (بێگانەسازی)یە. شکلۆڤسکی یەکەم جار ئەم چەمکەی هێنایە ئاراوە و وشەی "Ostrannenja"ی ڕووسی بۆ هێناوە. دوای ئەو یاکۆبسن و تێنیانۆف چەمکی (نامۆکردن – بێگانەسازی)یان بۆ ئەو دیاردەیە بەکاربرد. مەبەستی شکلۆڤسکی لەم چەمکە "هونەر وەک ڕێگا و فەن" بوو. هەر ئەم چەمکەیە کە بە هەڵە، یان ڕاست شیعر وەک شیعری "شێت" دەناسێنێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە مرۆڤ حەز لە هۆگری شتەکان دەکا. مرۆڤ وەک بەشێک لە ئینسانییەت دەتوانێ لەگەڵ ئەو شتانەی کە لە جیهانی ئەودا هەنە و هەمیشەیینە، هۆگری هەبێ و عادەتیان پێ بکا و لە چوارچێوەی ئەو عادەتانەدا ئەندێشە، ڕەفتار و کردەوەی خۆی ڕێک بخا. ئەم چەشنە ڕەفتار و کردەوانە هێورهێور دەبن بە بەشەکی گرنگی مێژووی گشتی هزری مرۆڤ، بە شێوەیەک کە ئیتر هزری مرۆڤ ناتوانێ هیچ جۆرە جیاوازییەک بسەلمێنێ و شتی دەرەوەی ئەم چوارچێوەیە وەک دیاردەگەلی سەیر و

سەمەرە دێنە بەرچاوی. بە بڕوای شکلۆڤسکی، هونەر ڕەوتی تێگەیشتنی بەردەنگ دووبارە ساز دەکا و سەرلەنوێ ڕێکی دەخاتەوە و بەم شێوەیە دابو دەستوور و ڕێوشوێنە یاسایی و ئاشنا و لە مێژینەکان دەگۆڕێ. هونەر عادەتەکان تێکدەدا و هەرچی ئاشنای بەرچاومانە، نامۆ دەکا و ئێمە لە هەرچی هۆگریمان پێوەی هەیە، وەک شێوەی کار، جلوبەرگ، ڕازاندنەوەی ماڵ، هاوسەر و ترسی شەڕ دوور دەخاتەوە و شتەکان هەر بەو جۆرەی کە هەن بۆمانیان و هەموو شتێک لە عادەتی ئۆتۆماتیک کە زادەی ڕەوتی تێگەیشتنی هەستی ئێمەیە، ڕەها دەکا.

"نامۆکردن، یان بێگانە سازی" لە ئاسەواری شکلۆڤسکیدا بە دوو واتە بەکار براوە: یەکەم شێوەی نووسین کە "ئاگایانە، یان نائاگایانە" لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بژاردەدا دیارە و هێندێک جاریش دەبێتە شێوەی سەردەستی بەرهەمەکە. ئەو واتەیە ڕیشەی لە باسە کۆنەکەی هێما مەجازییەکانی دەقی ئەدەبی و شیعردایە. دەکارکردنی وشە مەجازییەکان، هزر بەرەو واتەی نوێ ڕادەکێشێ و واتە ئاشنایەکان گرنگی خۆیان لە دەست دەدەن و ون دەبن.

واتەی دووەمی "نامۆکردن - بێگانەسازی" لە ئاسەواری شکلۆڤسکیدا واتەیەکی بەربڵاوترە و بەگشتی ئەو "ڕێگا و فەنانە" دەگرێتەوە کە داهێنەر ئاگایانە کەڵکیان لێ وەردەگرێ تا "جیهانی دەق وەک شتێکی سەیر و غەریب بکەوێتە بەرچاوی بەردەنگ." نووسەر بەجێگای وشە ئاشنایەکان شێوەی دەربڕین، یان نیشانەگەلی نەناسراو بەکار دەبا. ئەو تەکنیکە نیشانەکانی واتەدار لە بەرهەمدا دژوار دەکا و بەرهەمەکە جۆرێک ڕادەنوێنێ کە دەڵێی ئەو بەرهەمە پێشتر قەت وجوودی نەبووە. مەبەستی جوانیناسی لەو ڕەوشەدا ڕوون کردنەوەی ڕاشکاو و دەست بەجێی واتەکان نییە، بەڵکو ئەفراندنی هزری نوێ و تایبەت و بەهێزە کە لە جێگای خۆی واتەگەلی نوێتر دەئافرێنێ. لە ڕاستیدا کاتێک واژە و بابەت دەچنە نێو مەڵبەند و پرۆسەی "ڕەوتی تێگەیشتن بە هەستی نوێ" "نامۆکردن - بێگانەسازی" دەست پێدەکا. شکلۆڤسکی دەڵێ: "دانیشتوانی کەنار دەریا دەنگی شەپۆلەکان نابیستن و ئێمە هەموو ڕۆژێ چاومان پێیک دەکەوێ بێ ئەوەی بە بوونی یەکتر هەست بکەین" چونکە ڕەوتی تێگەیشتنی هەستی ئێمە، عادەتی بەم جۆرە جیهانەوە گرتووە. ئەرکی شاعیر فەوتاندنی هێزی "عادەتە"، واتە ئەفراندنی دنیای نوێ و دیتنی شتە نادیارەکان.

ڕیشەی دیکەی "نامۆ کردن - بێگانەسازی" لە (دەروونناسی گێشتالت)ـەوە سەرچاوە دەگرێ: ڕەوتی تێگەیشتنی هەست، دەبێتە عادەت و کردەوەی ئۆتۆماتیکی دەبێ. بەگوێرەی عادەت و کردەوەی ئۆتۆماتیک، ئێمە دەتوانین بە پێی هەرجۆرە شکڵێک ناوەرۆکەکەی هەڵسەنگێنین و پێمان وایە دەزانین چییە و چ نییە، بەڵام کاری سەرەکی هونەر ئەوەیە کە ئێمە فێربین هەر چەشنە فۆرمێکی عادەتی وەلانێین. بوونی هونەر ئەوەیە کە ئێمە هەست بە شتەکان بکەین. ئامانجی هونەر ئەفراندنی هەستێک لە مەڕ شتەکانەوەیە، ئەویش بەم جۆرەی کە دەبینرێن، نەک بەم جۆرەی کە ناسراون، یان شرۆڤە کراون. فەننی هونەر هەر شتێک نامۆ و بێگانە و لێڵ دەکا، بۆیە ڕەوتی تێگەیشتن دژوار و دەگمەن دەکا.

فۆرمالیستەکان لە بواری شیعردا باسێکی گرنگ دێننە ئاراوە کە ئاماژە بە ڕەوشی گشتی پێوەندی نێوان دەقە ئەدەبییەکان دەکات. ئەو باسەش هەر بە شکلۆڤسکییەوە دەست پێدەکا. ئەو لەم وتارەدا نیشانی دا کە هەرچی پتر لەگەڵ سەردەمێک ئاشنا دەبین، زێتر دڵنیا دەبین کە ئەو وێنە و ئیمازانەی شاعیر بەکاری بردوون و "ئێمە لامان وایە داهێنانی نوێی خۆیەتی" تاڕادەیەک بەبێ هیچ گوڕانکارییەک لە شیعری شاعیرێکی تر بە قەرز وەرگیراون. نوێخوازی و داهێنانی شاعیرەکان نەک لەبەر وێنەگەلێکە کە بەکاریان دەبا، بەڵکو ئەو وێنانە لە زمانە تایبەتییەکەی ئەودا خۆیان ڕادەنوێنن. شاعیران لەسەر بنەمای شێوەی دەربڕین، هونەری کەلام و دەکارکردنی شێوەی زمانی تایبەتی، لێک جودا دەبنەوە. خاڵی هەرە گرنگ لە شیعردا گۆڕینی زمان و بەکارهێنانی زمانی جیاوازە. کاتێک شکلۆڤسکی دەیگوت شاعیرەکان وێنەسازی ناکەن، بەڵکو ئەوان دەدۆزنەوە، مەبەستی ئەوە بوو کە ئەوان وێنەکان لە زمانی ئاسایی و زمانی پێوەر (معیار) کۆدەکەنەوە، ڕاستییەکەی ئەو قسانە دەگەڕانەوە بۆ ڕوانگەی "گوستاڤ شێپت". شکلۆڤسکی دەیگوت وشەی "خوێن" لە شیعرێکدا "خوێناوی" نییە، واتە خوێنی ڕاستی نییە، بەڵکو وشەیەکە خاوەن تایبەتمەندی زمانی تایبەت بەخۆی، لە پیتی تایبەتی پێکهاتووە، ڕیتمی خۆی هەیە و لە پێوەندی لەگەڵ وشەکانی هاونشینی خۆیدا، واتە، یان واتەگەلی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆی. کاری ڕەخنەگر ناسینی ئەو هەبوونە ئەدەبییەی

وشەکانە، نەک تاقیکردنەوەی دیاردە فەرهەنگییەکان.

فۆرمالیستەکان هەوڵ دەدەن چەند ئاستی ئەو باسە کە بەتێکڕایی بە واتەی گەمەی زمانە و ڕیشەی لە "نامۆکردن - بێگانە سازی" دایە، شرۆڤە بکەن کە بریتین لە:

١- نەزم و هاونشینی وشەکان لە شیعردا لەسەر بنەمای ئاهەنگ و مۆسیقای واژەکان کە گرنگی دەبەخشنە هەر وشەیەک و هەر وشەیەک "مالارمێ" وتەنی: دەبێتە "زاتی حەقیقەت" - فەننی زمانی شاعیرانە (بەکار هێنانی کێش، قافیە، ڕەدیف و مۆسیقا) لە ئەنجامدا وشە، یان وشەگەلی دەخاتە بەرچاو و ئەوان لە کردەوە و باری مەعنایی ڕۆژانە جیا دەکاتەوە، تا وەک شتێکی نامۆ، نوێ و تاقانە خاوەنی ئەو توانایییە بن، خۆیان بنوێنن.

٢- مەجازەکانی شێوەی دەربڕینی شاعیرانە (ئیستعارە و کنایە و تەشبیە و ئەو شتەی لە فارسیدا بە "حس ئامیزی"(ئاوێتە کردنی هەستەکان) ناسراوە، ئەوەش بە مانای "ئەو بەرفرەوانییەیە کە لە ڕێگای تێکەڵ بوونی دوو هەست سازدەبێ"

٣- کورتبڕی و پوختبێژی.

٤- بەکاربردنی واژە کۆنەکان، بەمەبەستی دەربڕینی نوێ.

٥- بەکاربردنی پێکهاتەی تایبەتی و نامۆی ڕێزمان.

٦- بەکارهێنانی سیفەت (ئاوەڵناو) بەجێگای مەوسووف (بەر ئاوەڵناو).

٧- دەستەواژەی مەعنایی نوێ.

٨- شێوەی دەربڕین لەسەر بنەمای ڕستە ناسازەکانی لۆژیکی (پێکهاتەی شێواوی لۆژیکی).

٩- نوێخوازی وشەیی.

من هەوڵ دەدەم بۆ وێنە یەکێک لە هەڵبەستەکانی شاعیری خاوەن توان یوونس ڕەزایی لەسەر بنەمای خوێندنەوەی دەق، شرۆڤە بکەم، چونکە من خۆم لەم کەسانەم کە پەسنی شیعری یوونس ڕەزایی دەکەم و پێم وایە یوونس ڕەزایی لەو شاعیرانەیە کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بەتایبەت لە ڕەوتی نوێخوازی شیعری کوردیدا خاوەن جێگە و پێگەی تایبەتییە و دەشێ زێتر شێوەی داهێنان و ئافرانکاری هونەری ئەو بکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

**گورگ (١)**

**بەلوورەیەکەوە لەو دێڕەدا عاشق**
**بەبزەیەک پەریلە ئاسا**
**لە ترسان شاعیرانە ئاوس و گریاو**
**- ژنێک -**
**بەشنەیەک لەو وشانەدا ئارام**
**بەدۆزەخێک شەیتانانە**
**لە شەرمان بلێسە**
**- پیاوێک -**
**ئەشکەوتێک لە تەنیایی ژنانە و گەرما**
**بەلوورەیەک لە خۆتدا**
**دەڕووخێم**
**ئەگەر سەخڵەتییەک لە شەرم و**
**ئیبلیسێک بەداوێنی سەداقەتەوە**
**- عاشق -**
**ئەی ژن**
**لە ترسان ڕووخاوم بە دۆزەخی هەناسەتدا**
**وەک لوورەیەک**
**لە شەرمی پەریلەیەک**
**- شاعیر - دا**

١- سەردێڕ "گورگ"

لە پێشدا با ئاوڕێک لە "سەردێڕ"ی شیعرەکە بدەینەوە. تیتر (سەردێڕی) شیعر "گورگ" سەرنجمان بۆ تایبەتمەندی و خەسڵەتگەلێک ڕادەکێشێ کە هی گیانەوەرێکی تایبەتین و ئەو گیانەوەرە دەبێ بەشێوەیەکی ئاسایی خاوەنی ئەو خەسڵەتانە بێ: ترسهێنەر، مەترسیدار و ڕاوچی و...تاد هەر ئەو سەردێڕە "گورگ" خوێنەر ئاگادار دەکا کە تا ڕادەیەک لە شیعرەکە تێ بگا، بەڵام با بزانین ئەو سەردێڕە "گورگ" بە چ شێوەیەک لە سەرانسەری شیعرەکەدا ڕەنگ دەگرێ.

٢- پاژی یەکەم

**بەلوورەیەکەوە لەو دێڕەدا عاشق**
**بەبزەیەک پەریلە ئاسا**
**لە ترسان شاعیرانە ئاوس و گریا و**
**- ژنێک -**

ئەم بەشە کە لە سێ دێڕ پێکهاتووە بە یەک وشە "ژنێک" کۆتایی پێ دێ. بارودۆخی جێگەی شاعیر لە شیعردا خۆیا دەکا. نەزم و هاونشینی وشەکان، ئاهەنگ و مۆسیقای واجەکان کە گرنگی و ڕۆڵی سەرەکی وشەکان وەک شتی نامۆ و نوێ ڕادەنوێنن و ئەوان لە باری مەعنایی ڕۆژانە جیا دەکەنەوە بە جوانی مەجاز گەلێکن

کە نیشاندەری جێگەی شاعیر لەم شیعرەدان.

– وشـەگـەلی وەک "لوورە" B دەنگی گـیـانەوەرەکـە "گورگ" کە تامەزرۆی شتەکە B عیشق.

– وشەی "بزە" B پێکەنینێکی ئارامبەخشـە کە لە پێکهاتەی "پەریلە ئاسـا"دا، واتایەکەی پوخت و تەواو دەبێ.

– ترس – ئاوس – گـریاو – هەر سێ وشـە ئاوەڵناو "سیـفـەتن" بۆ گـیـاندارێکی جیـاواز کە دیارە لە باری عـاتفـیـیـەوە دەبێ "مـرۆڤ" بێ. یەک لەم سێ وشـانە "ئاوس" مـەبەستی شاعیر پتر خۆیا دەکا، واتە پێمان دەڵێ کە گیاندارەکە، یان مرۆڤەکە مێیە "ژنێکە". لێرەدا تەنانەت ئەگەر وشەی "ژنێک" نەشبێ، واتەی ئەم بەشە ئاشکرایە.

– لەم پاژەدا وشـە و واج و پیـتـەکـان نەرمن، واتە "Fluent" فلوینتن. مەبەستی مۆسیقایی ئەم جۆرە واج و پیتانە لە شیعردا، ڕاگەیاندنی ئەو پەیامەیە کە دەبێ کارەساتێک لە گوڕێ نەبێ، بەڵکو شاعیر دەیەوێ باسی شتێکی خۆش بکا. وشەگەلێ (بزە، ئاسا، ئاوس، ژن، دێڕ، عاشق "ئاشق بە کوردی" تەنانەت "لوورە") بەگشتی لە پیتی نەرم پێکهاتوون و مزگێنی دەری ئەو پەیامەن کە لوورەی گورگ مەترسیدار نییە. شتی سەرنجڕاکێش لەم بەشـەدا ئەوەیە کـە دێڕی یەکـەم  بە "لوورە" و دێڕێ دووەم بە "بزە" دەست پێدەکەن و دیڕێ سێیەم، یان دێڕی دوایین بە وشـەی "گریاو" کـۆتایی پێ دێ. لە نێـوان ئەو سێ وشەیەدا، شتێکی گرنگ ڕوودەدا کە "عیشقە". سێ وشەی "لوورە، بزە، گریاو" لە پاژی دووەمی شیـعرەکەدا باسـێکی نوێتـر دێننە ئاراوە کـە دەشێ زۆرتر لە سـەری بدوێین.

٣- پاژی دووەم

**بە شنەیەک لەو وشانەدا ئارام**

**بە دۆزەخێک شەیتانانە**

**لە شەرمان بلێسە**

**– پیاوێک –**

– ئەم بەشەی شیعرەکەش وەک بەشی یەکەم، لە سێ دێڕ پێکهـاتووە. دێڕی یەکـەمی ئەم بەشـە دیسـان بە وشـەیەک "شنە" دەست پێ دەکـا، کـە واتای وشـەکـانی ئارامبـەخشی بەشی یەکـەم و مـەبەستی گـشـتیی ئەم بەشەی شیعر بە وشەی "ئارام" لە کۆتایی دێڕی یەکەمی ئەم بەشـەدا، بە تەواوی ڕوون دەکـاتەوە، بەڵام باسـەکـە لێـرەدا تەواو نابێ. شـاعـیـر تووشی پارادۆکـسی "دەنگەکان" دەبێ.

– وشـەگـەلی وەک "دۆزەخ، شـەیتـان، بلێسـە و پیـاو" ئەوەمـان پێ ڕادەگـەیەنن کە "گـورگـە عـاشقـەکە" پیـاوە. پیـتـگـەلی وەک (خ لە دۆزەخ، ت لە شـەیتـان، ڵ لە بلێسـە)دا نیشاندەری ئەوەن کە ئەم وشانە بە پێچەوانەی وشـە نەرمـەکـانی بەشی یەکـەم، پەیڤی سـەختن کـە خەسـڵـەتی سـەخت "پیـاوانە" نیـشـان دەدەن. ئەگـەر لە بەشی یەکـەمـدا، ژن بە وشـەگـەلی وەک "بزە و ئاوس و گریاو" دەناسرا، لێرەدا "پیاو" بە وشەگەلی وەک "دۆزەخ، شەیتانانە، بلێسە" دەناسرێ.

– جـۆن ئیـشـتـایـن بێک ڕۆمـاننووسی ئەمـریکایی لە ڕۆمانی "هێشـووەکانی تووڕەیی"- "The Grapes of wrath"دا ئەو پەیـامـە ڕادەگـەیەنێ کـە ژنەکـان -Pro-tective پارێزکـارن و پیـاوەکـان "-destructive ڕووخێنەرن".

– ئەو خـەسـڵـەتەی "پارێزکاری" ژنان لە بەشی یەک و خـەسـڵـەتی "ڕووخـێنەری" پیـاوەکـان لە بەشی دووەمی شـیـعـرەکـەدا، لە ڕێگـای مـۆسـیـقـای دەنگی پیـتـەکـان و هاونشـینی وشـەکـانڕا بەجـوانی وەدیار دەکـەوێ، بەڵام لێـرەدا شـتـێـک سـەرنجڕاکـێـشـە. شـەرم لە فـەرهەنگی کوردیدا خەسڵەتی ژنە. لە فۆلکی کرمانجیدا پەندێکی پێشـینیـان دەڵێ "ژنا شـەرمین دینە شـارەک – مـێـرێ شەرمین دینە کابەک." واتە شەرم بۆ ژن شانازییە، بەڵام شاعیری ئەم شیعرە، شەرمی ژنانە دەکاتە بلێسـەیەک لە ڕوخساری پیاوەکەدا. بزۆزی و شەیتانی پیاو لە بەرانبەر ئارامی، ترس و بزە و شنەی ئارام بەخـشی ژن دەبێـتـە بـڵـێـسـەی شـەرم لە ڕوخـسـاری پیـاودا، ئەوەش پارادۆکسێکی تەواو شاعیرانە و داهێنەرانەیە، بێجگە لەمانە هاونشینی "شنە و ئارام" و "دۆزەخ و شـەیتان" و "شـەرم و بـڵـێـسـە" هەمـان تەکنیکی حس ئامـێـزی (تێکەڵبـوونی دوو هەست بە مـەبەسـتی ئەفـراندنی هەستێکی نوێ)یە.

٤- پاژی سێیەم

**ئەشکەوتێک لە تەنیایی ژنانە و گەرما**

**بەلوورەیەک لە خۆتدا**

**دەڕووخێم**

**ئەگەر سەخڵەتییەک لە شەرم و**

**ئیبلیسێک بە داوێنی سەداقەتەوە**

**– عاشق –**

– ئەو بەشـەی شـیـعـرەکـە کە من وەک (climax)ی

شیعرەکە لە بەرچاوی دەگرم، پرۆسەیەکی نوێمان بۆ دەخاتە بەرچاو. واتەی تێکەڵاوبوونی شتە جیاوازەکان دەخاتە بەرچاو. پیت و دەنگ و وشە جیاوازەکان تێکەڵ دەبن، ئاکامی ئەم جۆرە تەکنیکە ئەفراندنی واتەی نوێیە.

١- ئەم پاژە خاوەن شەش دێڕە، واتە بەقەد هەردوو بەشی پێشوو، کە دیسان ئەو جۆرە فۆرمە نیشاندەری تێکەڵاوبونی هەندەسەی شیعری دوو بەشی پێشوو. شاعیر بەم هونەرە دەیەوێ شتەکان تێکەڵ بکا. ئەم کارەش بە شێوەیەکی شارەزایانە و بەرێگای تێکەڵ کردنی پیت، دەنگ، وشە و واتەکان ئەنجام دەدا. وشەی نەرم و ڕەوانی وەک "تەنیایی و گەرما و شەرم و داوێن" تێکەڵی وشەی سەختی وەک ئەشکەوت، ڕووخان، ئیبلیس" دەبن. ئەو تێکەڵاو بوون و یەکگرتنە بەرهەم هێنەری شتێکی پیرۆزی وەک عیشقە. ئەشکەوتی تەنیایی گەرمی ژنانە، پەناگا، یان ئامێزی گەرمی ئەوە بۆ لوورەی گورگ، یان پیاوی عاشق. ئەو بەرهەمە پیرۆزە کە لە شتی جیاواز ڕەنگ و ڕواڵەت بە خۆوە دەگرێ، واتە سەخڵەتی شەرم و بزۆزی پیاو (ئیبلیس) و "باوەشی تەنیایی گەرمی ژنانە" دیسان پارادۆکس و مەجازێکی تەواو شاعیرانەیە. ئامێزی گەرمی ژن، بزۆزی شەیتانانەی پیاو لادەدا و پیاو بە هەموو خەسڵەتە سەختەکانی لە ئامێزی ژندا دەڕووخێ و شەیتان لە ئەشکەوتی تەنیایی ژندا ون دەبێ. کاتێک بزۆزی شەیتان (پیاو) دێتە سەر سەداقەتی ڕاستەقینە (دیسان پارادۆکس)، چونکە هەردووک پێکهاتەی دژبەرن، بەڵام یەکدەگرن، کێشەکە بە تێڕوانینێکی عیرفانی، واتە دیالێکتیکی عارفانەی شتە دژبەرەکان، کە لە بەرهەمێکی وەک عیشقدا، واتە بە خۆوە دەگرن چارەسەر دەبێ. گورگ (پیاوی عاشق)، عاشقانە لە ژندا دەڕووخێ و ئاوێتەی ئەو دەبێ. ئەو یەکگرتنەش لە پارادۆکسێکی دیکەدا، واتە "لوورەی گورگی عاشق و بزەی پەریلە ئاسای ژن"دا خۆی نواندبوو.

٥- پاژی چوارەم - کۆتایی

**ئەی ژن لە ترسان ڕووخاوم بە دۆزەخی هەناسەتدا**
**وەک لوورەیەک**
**لە شەرمی پەریلەیەک**
**- شاعیر - دا**

- ئەم بەشە بە شێوە دەربڕینێکی نائاسایی، بابڵێین دێرین دەست پێ دەکا. شاعیر بە پێکهاتەی "ئەی ژن" لەگەڵ بەردەنگەکەی دەدوێ. لە زمانی ئەمڕۆییدا کەس بەم شێوەیە لەتەک کەسی دیکەدا قسە ناکا. شێوەی ناسراو و باوی زمانی ئەمڕۆ، دەتوانێ یەکێک لەم پێکهاتانە بێ "ئەرێ ژن، خانم، خاتوو و...تاد". بەکارهێنانی دەستەواژەی کۆن یەکێک لە تەکنیکەکانی فۆرمالیزمە بە مەبەستی نواندنی واتای نوێ. شاعیر بەم شێوە دەربڕینە شکۆ و هەیبەت دەدا بە بەردەنگ "ژن". ئەو تایبەتمەندییە لە دێڕەکانی دواتردا زێتر خۆیدا دەبێ.

- بەگشتی لەم چەند دێڕەی کۆتاییدا وشەیەکی تازەمان ناکەوێتە بەرچاو و وشەکانی پێشوو دووپات دەبنەوە، بەڵام واتەکان تەواو جیاواز و نوێن.

- ئەگەر لە بەشی یەکەمدا ژن ترساو و ئاوس و گریاو بوو، ئەگەر لە بەشی دووەمدا ئارام بوو، ئەگەر لەبەشی سێیەمدا تەنیا و پەناگەیەکی گەرم بوو، لێرەدا دەبێ بە خاوەن هەناسەیەکی ئاگرین و دۆزەخ ئاسا، یان دەبێ بە دۆزەخێک کە مەکۆی شەیتانە و شاعیری گورگی عاشق دەسووتێنێ.

- شاعیر خۆی کە لە بەشە پێشووەکاندا، خاوەن خەسڵەتی گورگانە بوو، لێرەدا دەبێتە مرۆڤێکی ترساو، سووتاو، ڕووخاو و شاعیر. ئەو بەشەی شیعر بە بڕوای من لە بواری جوانیناسی و "ئەدەبییەت"ەوە پوختترین و تەواوترین بەشی ئەم هەڵبەستەی شاعیری پایەبەرز و شارەزای کورد - یوونس ڕەزایی-یە.

**سەرچاوەکان:**

**١- ڕەزایی، یوونس (٢٠٠٣) منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان، هەولێر: دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس.**

**٢- گرین، ویلفرد و دیگران (١٣٧٦) مبانی نقد ادبی، ترجمە فرزانە طاهری، تهران: نشر نیلوفر.**

**٣- احمدی، بابک (١٣٨٩) ساختار و تاویل متن، چاپ دوازدهم، تهران: نشر مرکز.**

**4-Thorne, Sara (2006) Mastering Poetry, London: Palgrave.**

**5-Perrine, Laurence(1380) Literature: structure, sound, and sense,Tehran: rahnama.**